

# بەهەشتەکەی من

جەلیل کاکەوەیس

هۆڵەکە جمەی دەهات، هەریەکێ لە ئامادەبووان چاوەڕێی ئەوە بوو لەم کۆڕەدا دەربارەی شکۆی مرۆڤ شتێکی نەبیستراو بژنەوێت و لە توڕەهاتەکانی ئەم سەردەمە کەمەکێک دوور بکەوێتەوە، کەچی یەکێک هاتە بەردەم دوانگەکە و خۆی وەک پیری سەگناس بە ئامادەبووان ناساند و گوتی:

– سەگ ئەو گیاندارە تاقانەیەی کە لە سەرەتای ئەم بوونەوارەوە هۆگری بنیادەم بووە و ژیانی خۆی کردووەتە باڵاگەردانی ئێمە.

کابرای سەگناس هەڵوەستەیەکی کرد و ڕووی لە خەڵکەکە کرد:

– ئەرێ گەلۆ، ئێوە بێژن ئاخۆ توخمی سەگ ئەم حەمکە ئەمەک و گیانفیداییە لەکوێ و چۆن فێربووە، پەندی لە چ تێکشکان و نسکۆیەک وەرگرتووە تا بەم ئاوهایە گیانبازی بکات!؟ چ ئوستادێک پەلی گرت تا فێری وانەی ڕەوشتی بکات...ها!؟ یان ئەم گیاندارە هەر خۆی خۆڕسکانە زادەی ئەم خەسیەتانەیە و بەشیری ئەمەکداری گۆش کراوە... نازانم.. نازانم...

لەگەڵ وشەی (نازانم)دا مینا لە خەوێکی قووڵ بێدار بووبمەوە، نە ئاگام لە باسەکەی سەگناسەکە ما و نە خەڵکەکەی دەوروبەرم، بۆیە لەو ساتەدا سەگەکەی یارانی ئەشکەوتم هاتەوە یاد کە چۆن بۆ هاوەڵانی ئەشکەوت بەئەمەک بووە و لە کاتی تەنگانەدا پشتی بەرنەداون و پێش ئەوەی خەوێکی سێ سەد ساڵییان لێ بکەوێت پاسەوانیی ماکسی ملیان و هاوڕێکانی کردووە. بەم ئاوهایە ئاگام لە سەگناسەکە نەما ئاخۆ لە باسەکەیدا گەیشتووەتە کوێ و بەچی کۆتایی

هێناوه، وەلێ باسەكە برینێكی كۆنی منی هێنایەوه سوێ و گەڕاندمییەوه بۆ سەردەمی هەرزەكاری و سەگەبۆرەی هاوڕێم.

بۆره بۆ من له هاوڕێیەک نزیكتر بوو ، بڕێ جار بەخۆم ئێژم؛ تۆیەک چەندان هەوراز و نشێوت دیوه، چەندان ئازیزت لەدەست داوه و دیداربەقیامەت بوویت و دوای ماوەیەک ئارامیت بەدەست هێناوەتەوه، كەچی مەرگی سەگەبۆره بووەته نكێک و لەیادگەت ناسڕێتەوه و ئەمێستاش شینی بۆ دەگێڕیت. ئەرێ قارەمانی ناو داستانەكان ئەوندەی بۆره بەزیندوێتی ماونەتەوه!؟

سەگەبۆره وەک ئەندامێكی خێزانەكەمان پشتوپەنا و به ئەمەک بوو. له دواڕۆژەكانی مانگی گوڵان، ئەو ساڵەی كه دواتر ناوی نرا (ساڵی حەرەس قەومی و تاڵان) لەبەر دەرگەی ماڵەكەمان خڵتانی خوێن كرا، لەكاتێكدا ئەو وەک پاسەوانێكی وەفادار، پاسەوانی ماڵ و گیانی ئێمه بوو، كەچی وا ئێستا خوێنێكی گەش لەلاملییەوه كفه دەكات و چاوه كز و له مۆلەق وەستاوەكانی لەمن دەڕوانن، وەک ئەوەی پێم بڵێت؛ (من وا ڕۆیشتم و ئیدی بۆ هەتاهەتایه ناگەڕێمەوه، وەلێ ئەم حەرەس قەومییه بێمەزەبانه هەر بەكوشتنی من واز ناهێنن، بەڵكوو قەستی ڕوح و سەروماڵی ئێوەش دەكەن تا لەڕیشەوه دەرتان نەهێنن واز ناهێنن).

كاتێ سەرم هەڵبڕی دوو چەتەوڵی بیابانی وەک دوو تارمایی دەڕۆیشتن و پشتیان لەمن بوو. هەر لەم كاتەدا گوێم له لرخەیەكی بۆرەی نیوه گیان تێداماوەوه بوو، لەگەڵ لرخەكەدا تیشكێک له شێوەی واشه، یان هەڵۆیەكی تووڕه چەشنی هەورەبرووسكه دوای دوو چەتەوڵه بیابانییەكه كەوت، ئیدی لەو ساتەدا نازانم خەیاڵ بوو، یان ڕاستی، باڵندە تیشكەكە هەردوو بكوژی بۆرەی لوول دا و كراسه ئاودامانەكانی لەبەریان داماڵی و بەڕووتی هەیپیان لێ كرد و لەبەرچاوم وندابوون.

لەم كاتەدا من وەک كۆستكەوتوویەک بەدیار لاشەی ساردەوەبووی بۆرەی هاوڕێمەوه دانیشتبووم له ناكاو گوێم له دەنگێكی ترساو و دوور بوو؛ ( (هۆو خەڵكینە، وا هاتن، حەرەس قەومی وەک كوللەی پێكوڕەی بیابان هاتن)).

سەگناسی شارەزا بەبێ هەدادان به ڕەچەڵەک و توخمی سەگدا شۆڕبووەوه و هاته سەر ئەوەی بڵێت؛ ( (بنیادەم كاتێ پەكی دەكەوێت له خانەی پیران و بەساڵداچووان دایدەنێن و خزمەتی دەكەن، دەبا ئێمەش سەگه بێ نەوا و بێ خودانەكان له شەڵتەرێک كۆبكەینەوه و لەنەهامەتی ڕزگاریان بكەین و ژیانێكی ئاسوودەیان بۆ دابین بكەین)).

من تەنیا گوێم لەم قسەیەی بوو، دەنا له دنیای كۆڕەكه دابڕابووم و بەبێ ئاگا گەڕابوومەوه بۆ نیو سەده لەمەوبەر و بەچپەدوو قسەم لەگەڵ سەگەبۆرەی هاوڕێمدا دەكرد، بێ ئەوەی هەست بەدەوروبەری خۆم بكەم، دەمگوت؛ (ئەو چەتەوڵه بیابانییانه تەنیا لەتیره و تۆرەمەی ئێمه داخ لەدڵ نەبوون، بەڵكوو حەپەی سەگەكانیشمانیان بەهەڕەشه بۆ سەر خۆیان دەزانی).

لەم كاتەدا دەنگێكی مندالانه و هاوكات نەرم و مێیانه لەناكاو لەتەنیشتمەوه بەئاگای هێنام:

- مامه گیان، من ماوەیەكه گوێم هەڵخستووه و تۆ لەبەرخۆتەوه باسی مێژوویەكی لەبیركراو دەكەیت و له دنیای ئەم كۆڕه دابڕاویت، خۆزگه دەمزانی تۆ بۆچی مردنی ئەو سەگەت بیرناچێتەوه!

کاتێ ئاورم دایەوە بینیم کەنیشکێکی تووڵەک و داڵگۆشت دوو بە دوو چاوی پڕ لە عەسر بەتەنیشتمەوە دانیشتووە، لەنیگا خەمینەکەیەوە دیاربوو یەکجار هاوسۆزمە و ئەویش مناسا لەم حەشیمەتە دابڕاوە و کۆنە برینێکی کولاوەتەوە. بێ ئەوەی دەرگەی ئاشنایەتی لەگەڵدا بکەمەوە چون باوکێکی بەسۆز و ڕاستەقینە فرمێسکەکانیم سڕی و گوتم:

- ئەو فرمێسکانەی تۆ گریان تێبەردام، تۆ کێیت و ناوت چییە؟

گوتی:

- هەر لەسەرەتای کۆڕەکەوە تۆ لەم حەشیمەتەی ناو هۆڵەکە دابڕابوویت باسی مێژوویەکی تاڵت بۆ خۆت دەکرد، هاوکات منیش گوێ بەگوێی تۆ گەڕابوومەوە بۆ قەوماوەکانی ئەو ڕۆژگارە و حەسرەتم هەڵدەکێشا، بەجۆرێ هەستم دەکرد تۆ لەمیانەی کوشتنی سەگێکەوە باسی بەدبەختی و قڕکردنی میللەتێک دەکەیت. ئاخر فرمێسکەکانی من بۆ ئەو یادگە زیندووەی تۆیە کە پتر لە نیو سەدە ئاوها بە زیندوویەتی هێشتووتەوە. من ناوم (سابات) و ڕێگەم بدە...

- نا.. نا.. تەواوی مەکە، تۆ لە ئێستاوە جەستەی پڕووکاو و ڕوحی ماندووم لەسای ساباتی تۆ دەحەسێنەوە و ئارام دەگرن.

ئیدی من و سابات لەو کەشەی ناو هۆڵەکە دابڕاین و ئاگامان لەوە نەما ئاخۆ بابای سەگناس چی وتووە و چەند سەگی بێلانەی ڕەوانەی شەڵتەر کردووە و لە توخمی مرۆڤ دایبڕیون. بێ ئەوەی مەبەستم بێت گوتم؛ (خۆزگە پەیکەرسازێک پەیکەرێکی بۆ بۆرەی هاوڕێم دروست دەکرد و منیش لەو شوێنە دامدەنا کە زۆر لەو پەیکەری پێشمەرگەیە دوور نییە کە بیابانییەکان لەبری ئاڵا سێ ڕەنگییەکەی خۆی ئاڵایەکی نامۆ و بیابانییان داوەتە دەستی، ئەوسا گیانی بۆرەی هاوڕێم شاد دەبێت و منیش ئاسوودە دەبم).

سابات دووبارە فرمێسکەکانی سڕی و ڕوخساری گەشایەوە و گوتی:

- من دەستی پەیکەرتاشیم هەیە، دەتوانم پەیکەرێک بۆ بۆرەی هاوڕێت دروست بکەم، بەڵام لە کوێ دایدەنێیت؟ ئایا مقۆمقۆی دابونەریت ڕێگەت پێ دەدات؟

هەڵوەستەیەکم کرد و گوتم:

- لەو شوێنە دایدەنێم کە زێدی من و بۆرەیە، لە دەروازەی ئەو شوێنەی کە ناوم ناوە (بەهەشتەکەی من). ئیدی بۆرە بێ ئەوەی حەپەیەک لە زاری دەربچێت، بەبێ دەنگی ترسێک دەخاتە دڵی ئەو بیابانییانەی کە بەناوێڵی چاو دەبڕنە زێدی من و بۆرە.

دوای ئەوە سابات بە ڕوخسارێکی گەشەوە دوعاخوازیی لێ کردم و تا دوور کەوتەوە ئاوڕی دەدایەوە و دەستی هەڵدەبڕی و بەدەنگی بەرز دەیگوت:

- دڵنیابە، پەیکەرەکە مژدەی سەرفرازی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

...— ٧- ٢٠٢٤